# کۆچێکی نامو . ! سەرهەنگ حەمە ساڵح



زەنگی چ کوچیك بو
لە کلیسەکانی هەندەران!
سیمای چ ئەستێرەیەك بو
لە ئاسمانی غوربەتی شار
ڕژایە نێو شوَستەکانی غەریبی. . !
باڵندە بێ فیزەکانی
ئاسمانی شارەکەم
کوچ بارانی
چ بوکێکیان
بوَ ترانزیتی دلی زاوایانی
نوستو هێنا!
فرمیسکە بێ نازەکانی
ئەم دەڤەرە پڕ ناموَیە
بێ هەڵوێستی
ئاوازێکی مەرزیانە
نا ڕژێنە سەر
گوَنای زەردی
ئەم دەڤەرە پڕ ناموَیە
کوَچت کوچێکی
نا وەخت بوو!
هێشتا زوو بوو
پەپولەی ئارەزووی هەستت
نە گەرا بووَە
ئاسمانی حەزی شارەکەت
لە سنوری حەزەکاندا
چاوەروانی سیما و سوَزی
دەنگت بوین. . !
کە چی کەژاوەی
مەرگت گەڕایەوە. . !